# بۆچی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارامان پێویستە ؟!

## ئەم بابەتە لەشێوەی کۆڕ،کاتژمێر٢٠ی ڕۆژی ١١-٢-٢٠٠٨ لە ژووری کوردستان یونایتید لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەشکرا

لە دەستپێکدا زۆر سوپاسی بەڕێوەبەرانی ژووری کوردستان یونایتید دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندین تا لە نزیکەوە بۆچوون و رامانی خۆمان لەگەڵ ئێوەی بەڕێزو هێژا بگۆڕینەوە.

بەڕێزان زۆر جاران و لە زۆر شوێنی دیکەشدا بە نووسین یان لە کۆڕو سیمیناردا باسی ئۆپۆزیسیۆنمان کردووە، هەروەها ئێوەی بەڕێزیش چەمکی ئۆپۆزیسیۆن دەناسن، بۆیە پێویست بە ڕاڤەکردنی ئەو پەیڤە ناکات، تەنیا دەڵێین کە ئۆپۆزیسیۆن وشەیەکی فەرەنسییە، بە واتای نەیارو ڕکابەر دێ، لە فراوانترین لێکدانەوەشدا دەربڕینی تێکۆشانی گروپ، ڕێکخراو، پارت و کەسانی ناڕازی لە سیاسەتی دەستەڵاتداران دەگرێتەوە، بۆ گەیشتن بە ئارمانجی خۆشی کارنامەی تایبەت بە خۆی دەخاتەڕوو، لە پێناویدا تێدەکۆشی. جا ئارمانجی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایدۆلۆژی یان هەر مەبەستێکی دیکەی هەبێ، تا دەرفەتی هەبێ پەنا بۆ چەک و تێکۆشانی چەکداری نابات، هەوڵ دەدات بە شێوەی ڕاگەیاندن، یان لە نێو پارلەماندا ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بسەلمێنێ و بۆی تێبکۆشێ.

لە واتای گشتگیری خۆیدا ئۆپۆزیسیۆن بەو لایەنانە دەگوترێ کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێویست ناهێنن و بە دەستەڵات ناگەن، بەو شێوەیە ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی لە وڵاتدا دروست دەبێ، بەڵام لەهەندێ وڵات، بەتایبەتی کە حزبێکی تاکڕەو، دیکتاتۆرو خۆسەپێنەر جڵەوی دەستەڵات دەگرێتە دەست، ڕێگە دادەخات و هەناسە لە ئۆپۆزیسۆن دەبڕێ، ناچار ڕێگەی نایاساییان پێشان دەدات. ئەو کاتە هێزی ئۆپۆزیسیۆن پەنا بۆ تیرۆر و چەکداری دەبات، بەوهۆیەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی نەرێنێ دروست دەبێ،

مێژووی ئۆپۆزیسۆن لە جیهاندا پڕواپڕ لە دەرس و ئەزموونە، هەیانە خوێناوی، هەشیانە شارستانیانەو هاوچەرخانە دەستەڵاتی دەستاودەست کردووە. لە سەدەی هەژدەی زایینی لە بەریتانیا دوو لایەنی نەیار بەیەک سەریان هەڵدا، لەوکاتەوە سیمای ئۆپۆزیسۆنی یاسایی خۆی نواند. (ویگەکان و توریەکان ) لە بارەی کۆمەڵایەتی جیاوازیان نەبوو، زۆربەی جاران هاوڕا بوون، بەڵام لە بواری سیاسی جیاواز بوون.

دەتوانین بڵێین کە ئۆپۆزیسۆن لە سیستەمی دیموکراسیدا دەئافرێ و پەیدا دەبێ، گەشە دەکا و بەهێز دەبێ، بۆیە لە کاتی هەڵبژاردندا کاتێک لایەنێک یان هاوپەیمانیەتێک دەنگی زۆرینە دێنێ و حکومەت پێکدەهێنێ، لایەنەکەی دیکە یان لایەنەکانی دیکە سەنگەری ئۆپۆزیسۆن هەڵدەبژێرن، لە ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆندا کار دەکەن، کە هەندێ جار زوو زوو جێگەی خۆیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. واتە کاتێک لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا ئۆپۆزیسیۆن سەردەکەوێ، ئیدی ئەوەی پێشوو کە دەستەڵاتدار بووە، بێ سێ و دوو سەنگەری ئۆپۆزیسۆن ئاوەدان دەکاتەوە، ئاڵای ئۆپۆزیسیۆن هەڵدەگرێ. واتە بە بەردەوامی سەنگەری دەستەڵات و ئۆپۆزیسۆن لەیەکتری بەهاوێرکراوی دەمێنێتەوە.

ئەگەر ڕامیاری یان سیاسەت زانستی بەڕێوەبردنی جیاوازیەکان بێ، کەواتە ئۆپۆزیسیۆن خۆی لەخۆیدا لەناو چوارچێوەی ڕامیاریدا جێگەی خۆی دەگرێ و شرۆڤە دەکرێ. دەبێ خەڵک بۆ خۆی لە توانا و زانستی ئەوەی هەبێ کە کامەیان هەڵدەبژێرێ، واتە دەتوانێ بە ئاسانی لەنێوان باش و خراپدا هەڵبژێرێ، بەڵام لەنێوان باش و باشتر یان خراپ و خراپتر قسەی دیکە هەڵدەگرێ.

بەوهۆیەوە ڕاشکاوانە دەڵێین کە پەیڤ و چەمکی ئۆپۆزیسۆن زادەی کولتووری سیاسی سیستەمی دیموکراسییە. جیاوازی و کێبەرکێ لەنێوان دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بۆ گەیشتن بە فەرمانڕەوایی درێژەی پێدەرێ.

لە وڵاتانی دیموکراسیدا هەرچەندە ئۆپۆزیسیۆن بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتدا ناکات، بەڵام لە دامەزراوەکانی دیکەدا ڕۆڵی کارای دەمێنێ و ئەندامانی دەرناکرێن.

گوتمان کە ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردندا دەنگی زۆرینە ناهێنێ و کابینەی حکومەت پێکناهێنێ، بەڵام لە بازنەکانی دەنگدان و لەسەر سەندوقەکانی دەنگدان و لەنێو جەماوەردا بوونی هەبووەو دەمێنێ. ئیدی ئۆپپۆزیسین ئاوا دەناسرێ:

یەکەم: هەوڵ دەدات لە کەمینەیی خۆی دەرباز بکات و لە داهاتوودا ببێتە نوێنەری زۆرینە.

دووەم: لەلایەن دەستەڵاتەوە بە فەرمی دەناسرێ و ڕەفتاری دەگەڵ دا دەکرێ.

سێیەم: بەردەوام چاودێری بەسەر کارەکانی دەستەڵاتدا دەکات، ڕەخنەی لێدەگرێ و گەندەڵی و کێماسیەکانی لێ لە قاو دەدات.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە لە وڵاتاندا ئۆپۆزیسیۆن بەو هێزە دەگوترێ کە لەبەرانبەر دەستەڵات دا ڕادەوەستێ، لە پێناو بەرژەوەندەکانی گەل تێدەکۆشی، بەردەوام دەستەڵات لەژێر گوشار دەنێ، زێرەڤانی بەسەر پرۆژەکانیەوە دەکات و داوای لێدەکات بە زوویی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان جێبەجێ بکرێن، لە کارە باشەکانی دەوڵەت پشتیوانی دەکات ، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیش هاوکاری لەگەڵ دا دەکات.

ئەگەر سەیری مێژووی ١٦ ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان بکەین، زۆر ڕاشکاوانە بۆمان دەردەکەوێ کە نە دەستەڵات ئۆپۆزیسیۆنی پەسند کردووە، نە تێکڕای هێزەکانی دەرەوەی دەستەڵاتیش ڕێگەیان بەخۆیان داوە پێیان بگوترێ ئۆپۆزیسیۆن، چونکە شرۆڤەیەکی هەڵە و ناڕاست بۆ چەمکی ئۆپۆزیسیۆن هەبووە، ئۆپۆزیسیۆن بە دوژمن وێنا کراوە. بەوهۆیەوە گورزێکی کاریگەر بە بەرژەوەندەکانی جەماوەر کەوتووە.

لێرەدا دەڵێین لە ڕەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستاندا ئەگەرچی چەند حزبێک بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆن بوون دەکەن، بەڵام ڕاستیەکەی تەنیا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حزبی ڕزگاریی، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان پێناسەی ئۆپۆزیسیۆن بوون دەیانگرێتەوە، ئەوانەی دیکە یان هاوکارو هاوبەشن لە حکومەت یان دەستکردو دروستکراوی حزبە دەستەڵاتدارەکانن و تەنیا بۆ ئارایشکردنی دەستەڵاتی سیاسی ڕێگەیان پێدراوە بنووسن و لێدوان بدەن و بەشان و باڵیان هەڵبڵێن. هەندێ هێزی دیکەی وەکو ئەنسارولئیسلام کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دادەنێن، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنێکی نێگەتیڤ و پاسیڤن و لەنێو جەماوەری بەرفراوان دا جێگەیان نابێتەوە، قۆناغەکەش باوەشیان بۆناکاتەوە، چونکە ئەو ڕێکخراوە پارتی و یەکێتی کردۆتە ئارمانج و هەموو شتەکانی ئەوان ڕەت دەکاتەوەو نەمانی ئەوان بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێ.

ڕاستیەکەی لە ڕەوشی ئێستای باشووری کوردستاندا نە دەستەڵات دەستەڵاتەو نە ئۆپۆزیسیۆنیش ئۆپۆزیسیۆنە، تێکەڵاوی و بەیەکداچوون لە نێوانیاندا هەیە. هەندێ جار لایەنە دەستەڵاتدارەکان بۆخۆیان ڕەخنە لە حکومەت دەگرن و کێماسیەکانی لە قاو دەدەن و وا پێشان دەدەن کە هەوڵی چاکسازی و پێشکەوتن دەدەن و دەیانەوێ کێشەو گرفتەکانی جەماوەر چارەسەر بکەن، کەچی لەبەرانبەریشدا هەندێ لایەنی دیکە کە بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆن بوون دەکەن لە جیاتی حکومەت و هێزە دەستەڵاتدارەکان سیمای ئەوان ئارایش دەکەن و جەماوەر فریو دەدەن. بەوهۆیەشەوە هەڵمەتێکی چەواشەکاری بێوێنە بەڕێوە دەچێ و سەر لە جەماوەر دەشێوێنێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیانە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانە بدەین:

١- هەردوو لایەن، نە دەستەڵاتی ڕاستەقینە، نە سێبەرەکانی ئەو دەستەڵاتەی کە بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆن دەکات نەیانتوانیوە داهاتوو دابین بکەن و سەرکەوتن بە دەست بێنن و خۆیان مسۆگەر بکەن.

٢- هەردوولاشیان ناتوانن ئەو جیاوازیانەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن پێشانی خەڵک بدەن، یان بە تەواوی بیشارنەوە، یان بە یەکجاری بنبڕی بکەن و وازی لێبهێنن. بۆیە زۆرجاران دەبینین کە لە ڕاگەیاندن دا دژ بەیەک دەنووسن، یان وردە هەڵشاخانی وەکو هێرش کردنە سەر بارەگاکان دێنە پێشەوە، بەڵام لە کاکل و کرۆکدا هاورەنگ و هاوشێوەی یەکترین.

٣- هەردوولایەنیش بەو ئامانجەن کە سەرنجی جەماوەر بە لای خۆیانەوە ڕابکشێن و بە مەبەستی خۆیان بگەن. حەز دەکەن جەماوەر هۆشیار نەبێتەوە و لە خەوی گران وەئاگا نەیێ.

٤- هەردوولایەن چاویان لە دیتران بڕیوەو پشتیان بە بیانی خۆشە، لایەنەکانی دەستەڵات هەوڵدەدەن پشتیوانی و هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانانی مسۆگەر بکەن، ئەوانەی دیکەش هەوڵ دەدەن هەم سەرنجی ئەمریکا بەلای خۆیان ڕابکشێن، هەمیش پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە پەرە پێبدەن و پشتیوانی ئەوانیان بۆ بمێنێتەوە.

٥- هەردوو لایەن لە پشتیوانی جەماوەر نائومێدن و باوەڕیان بەوە نیە کە لە تەنگانەدا پشتیوانیان لێ بکرێ.

٦- لایەنی یەکەم بەهۆی سامان و دەستەڵاتەوە جەماوەری بە خۆیەوە بەستۆتەوە، تا ڕادەیەکی باشیش ناخی خوێندۆتەوە، بەڵام لایەنی دووەم نە جەماوەرەکە دەناسێ و نە توانای ئەوەشی هەیە بە پلەو پایە لەگەڵ خۆی بیبەستێتەوە.

٧- هەردوو لایەن خۆیان لەدەست قەدەر هاویشتووە، حەز دەکەن ڕەوشی ئێستا درێژە بکێشێ.

٨- هەردوو لایەن حەز ناکەن چین و توێژەکانی کۆمەڵ بێنە مەیدان و بەشداری لە کاری سیاسیدا بکەن، چونکە بە هاتنە پێشەوەی نوێنەرانی ئەو چین و توێژانە بەرەکە لە ژێر پێی ئەوان دەردرێ و ناکام دەمێننەوە.

٩- هەردوولایەن بۆچوون و ڕامانەکانی خۆیان کاوێژو دووپات دەکەنەوە، نە خوێندنەوەی نوێیان بۆ ڕەوشی هەنووکە هەیەو نە ڕامانی داهاتووشیان دەگۆڕێ.

١٠- هەردوولایەن سۆزو بەڵێنی زۆرو جۆراوجۆر بە جەماوەر دەدەن و واپێشان دەدەن کە جگە لە ئەوان نەهێزێکی دیکە هەیەو نە هێزی دیکەش دروست دەبێ.

١١- هەردوولایەن ڕابردووی خۆیان گەورە دەکەنەوەو پێشانی خەڵکی دەدەن، لەسەر مێژووی ڕابردووی خۆیان دیوار هەڵدەچن و بە سەنەدی داهاتوویان دادەنێن و ناتوانن لەو بازنەیە خۆیان دەرباز بکەن.

١٢- هەردوولایەن دامەزراوەو هێزی ڕاگەیاندنی خۆیان تەنیا بۆ ڕیکلامکردنی خۆیان و پڕوپاگەندەی سواو تەرخان دەکەن.

١٣- هەردوولایەن جەخت لەسەر مانەوەی یەکتر دەکەنەوە، لەژێرەوە ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێ یەکتر دەبڕنەوە، بەڵام گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە بەیەکترەوە جوانن و دەستەڵات و بوونیان دەمێنێ.

ئەو خاڵانە و دەیان خاڵی دیکەی هاوبەش بە درێژایی شازدە ساڵی ڕابردوو ئاگردانی ئەوانی بە گەرمی هێشتۆتەوە. نە توانای ئەوەیان هەیە دەستکەوتی گەورەتر وەدەست بێنن، نە دەشتوانن چەقین و شکست و دۆڕانەکانی خۆیان پەسند بکەن.

بە کورتی و بە کوردی هەردوولایەن بەو ڕاستیە گەیشتوون کە چارەنووسیان بەیەکەوە گرێدراوە، بۆیە ئەگەر جاروبار گلەیی و گازاندە لەیەک دەکەن و ڕەخنە لەیەکتر دەگرن و بە شێوازێک لە شێوازەکان شەڕی دژ بە یەک دەکەن، لەپێناو مانەوەو درێژکردنەوەی تەمەنی خۆیانەو بەس .

ئەوەی ڕەوشەکەشی بەو شێوەیە بۆ هێشتوونەتەوە، هەڕەشەو مەترسی هێرشی تورکیا و پاشگەزبوونەوەی حکومەتی بەغدایە، بۆیە خەڵک ناچارە خوێنی دەروونی خۆی بخواتەوەو خۆزگە بەو پێشهاتانە نەخوازێ، بەوهۆیەوە خەڵک شان نزمیان بۆ دەکات و زمانی خۆی دەگرێ و ئەوەی لە ناخیدایە دەرینابڕێ.

ئەگەر لەم سۆنگەیەوە لە ئۆپۆزیسیۆن بڕوانین، دەبێ داخبار بین و بەخێرای هەوڵی پێکهێنانی هێزی ئۆپۆزیسیۆن بدەین. لە قسەو نووسین و هزروانی دەربچین و ڕاستەوخۆ بێینە مەیدانی کارکردەوە، وەک دەڵێن لە واری کرداریدا هەنگاوی شێلگیرانە هەڵبگرینەوە.

من پێموایە دووپات کردنەوەی پرسیارەکان، لێدانەوەی قەوانی گەندەڵی و شەڕی براکوژی و بێبەرنامەی سیاسی و خراپ ڕەفتارکردن و خنکاندنی ئازادی و نەبوونی دیموکراست و دەیان شتی دیکە بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆن کاریگەری خۆی لەدەست داوە، چونکە پێشتر ئەوانەی دیکە هەبوونەو ئۆپۆزیسیۆنیش لاوازو بێتواناو پەرتەوازە بووە، کەواتە دەبێ پەیامی دیکە و ڕامان و هەڵوێستی دیکە بکرێنە دروشم تا ئۆپۆزیسیۆن خۆی لەپەرتەوازەیی ڕزگار بکات. لەدەورەی گوتاری ئۆپۆزیسیۆن بوون کۆببێتەوەو خۆی چالاک بکات. ئەمەش پێویستی بەستراتێژێکی ڕوون و ئاشکرای نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە.

هەتا ئۆپۆزیسیۆن بە پەرتەوازەیی بمێنێتەوەو دەست لە دەستەڵات پان بکاتەوە نە دەرفەتی بەهێزبوونی بۆ دەرەخسێ نە دەشتوانێ ژیانی حزبایەتی بگۆڕێ و دەستەڵاتیش وەربگرێ.

ئەگەر ئەوانەی لە دەستەڵاتدانین و هەوڵیش بۆ دەستاودەستکردنی دەستەڵات نەدەن و ئەوانەی دیکە لە خۆیان شۆڕشگێڕو زاناو توانامەندتر بزانن ڕەوشەکە بەم شێوەیە دەمێنێتەوەو بەرەو خراپیش دەڕوات.

ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ لە خاڵێکەوە دەست پێبکات، نە دروشمی دوژمنایەتی بەرز بکاتەوەو نە ڕێگەی ناڕەواش بۆ وەرگرتنی دەستەڵات بگرێتە دەست، بەڵکو بە قوڵکردنەوەی جیاوازیەکانی خۆی و خستنە بەرچاوی بەرنامەو پرۆژەی خۆی دەکارێ سەرکەوتووبێ.

هەندێک کەس و لایەن پێیانوایە پێویست بە هات و هاوارو دروستکردنی سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن ناکات، چونکە بەحوکمی دیالەکتیکەوە ڕۆژێ ئەو دەستەڵاتە دەگۆڕێ و هی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، من سەد لە سەد دژی ئەم بۆچوونەم، ئەمە بە پەتای هزر و لێکدانەوەی سیاسیەکانی دادەنێم.

ئەی کەواتە پێداویستی ئۆپۆزیسیۆنێکی کار چۆن دروست دەبێ؟ یان کارابوونی ئۆپۆزیسیۆن لەچیەوە سەرچاوە دەگرێ؟؟ بۆچی لەم کاتەدا پێویستمان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی کار هەیە؟!

لەدوای ڕاوستانی شەڕی نێوەخۆو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس خەڵک ئومێدی زۆریان پەیداکردبوو، پێیانوابوو کە ئیدی ڕەوشی کوردستان گۆڕانی گەورە لە بواری خزمەتگوزاری و بەدیموکراتیزەکردن و بەرفراوان بوونی ئازادی بە خۆیەوە دەبینێ. لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا بەو ڕۆحیەتەوە خەڵک بەرەو سەندوقەکانی دەنگدان ڕۆیشتن، بەڵام ئێستا دووپات بوونەوەی ڕەوشەکەو بەرو خراپ ڕۆیشتنی بەرنامە سیاسیەکان و بەپێچەوانە هاتنەوەی سیاسەتەکان نەک هەر هێزە سیاسیەکانی دەرەوەی دەستەڵات بەڵکو سێبەرەکانی ئەوان و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەربەخۆ و ڕۆشنبیرانیش بوونی ئۆپۆزیسیۆن بە پێویست دەزانن، تەنانەت خوێندنەوەی مێژووی سیاسەت و بزاڤی ڕزگاریخوازی داوامان لێدەکات کە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا پێکبێ و وەڵامی ڕەوشی هەنووکە بداتەوە.

ئامادەبووانی هێژا! دەربڕینی ئەو کوێرەوەری و مەینەتیانە کۆتاییان نایەت، تەنانەت زۆربەشمان هاومەینەت و هاوڕاین، بەڵام لەسەر لێکدانەوەی چەمکی ئۆپۆزیسیۆن و چۆنیەتی پێکهێنانی و شێوەی کاراکردن و خستنە ڕووی بەرنامەکانی جیاوازی قوڵ هەیە، چونکە هەندێک پێیانوایە:

١- دوای ١٦ ساڵ هێشتا حکومەت ساوایە!!

٢- دوای ٥ کابینە هێشتا دەرفەت و شانسی کابینەیەکی بەهێزو توانامەند ماوەتەوە!!

٣- دوای بێزراوبوونی داگیرکەران و هەڵوەشانەوەی عێراق هێشتا ڕەوشی کوردستان ناسکە و دەبێ لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی خوێناوی خۆمان بخۆینەوەو قسەنەکەین!!

٤- نابێ دڵی دوژمن بەخۆمان خۆش بکەین، بەوهۆیەوە نابێ باس لە کارەسات و خراپەکاری و ڕەفتارەکان بکرێن!!

٥- دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی، دوای نەمانی بەعس و بێهێزبوونی ناحەزان، هێشتا پلانی دەرەکی دژ بە گەلی کوردستان بەڕێوە دەچێ!!

٦- وێڕای ئەوەی دەستی تیرۆر لە کوردستان دوورە، کەچی هێشتا بەبیانۆی ئەوەی کە تیرۆر هەڕەشە لە داهاتوومان دەکات، نابێ دەنگ بەرز بکەینەوەو دوو سەنگەری واتە سەنگەری دەستەڵات و سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان هاوێر بکەین.

٧- وێڕای ئەوەی کە ستایلی دوو گەل نەک دوو چین، واتە گەلێکی دەوڵەمەندو بەرپرس و فەرماندەر لەبەرانبەر گەلێکی هەژارو بەرفەمان هەیە، بەڵام لەبەر پاراستنی ئەمنی قەومی نابێ کەس قسە بکات !!

٨- وێڕای ئەوەی کە مێدیاکانی جیهان باس لە بەهەدەردانی سامانی وڵات دەکەن، باس لە بەفیڕۆچوونی مەبلەغی سەیرو باوەڕ نەکردە دەکەن، بەڵام لەژێر پاساوی ئەوەی کە سەرکردەی وڵاتانیش دەوڵەمەندن، دەوڵەمەندبوونی بەرپرسان شانازی بۆ گەلەکەیان لەبەرانبەر گەلانی دیکە دروست دەکات، داوا دەکرێ کەس باس لە سەروەت و سامانی دوێنێ و ئەمڕۆی بەرپرسان نەکات!!

٩- بەبیانۆی ئەوەی کە هێشتا قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیمان تەواو نەکردووە، نابێ باس لە جیاوازیەکانمان بکەین، ناپاکیە ئەگەر لەبەرچاوی دوژمندا خۆمان لەیەکتری هاوێر بکەین!!

١٠- بە بیانۆی ئەوەی کە ئێمە شارەزاییمان لە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا نیە، دەگوترێ: ڕاست نیە ئەگەر ئێمەی کوردستانی خۆمان لەگەڵ گەل و وڵاتانی دیکە بەراورد بکەین، کە مێژوویێکی درێژو شارەزاییان لە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا هەیە!!

سەرەنجام دەبێ ئەو بیانۆو پاساونە لەقاو بدرێن، دەبێ کوردستانیان تەپوتۆزی خراپی دەستەڵاتی خۆماڵی لەخۆمان بتەکێنین و داوای دەستەڵاتێکی باشی خۆماڵی بکەین، دڕ بە بێدەنگی بدەین و چیتر وەکو تەماشاچی لە چارەنووسی خۆمان نەڕوانین، دەبێ ویژدان و دەروونی خۆمان ئاسوودە بکەین و خۆمان لەبەرانبەر بە داهاتوو، بەچارەنووسی نەوەی نوێ بە بەرپرسیار بزانین. هەمووومان بیر بکەینەوەو لەخۆمان بپرسین چیمان پێ دەکرێ و دەبێ چی بکەین؟؟؟!!!

دەبێ هەموومان ئەرک و مافی خۆمان بناسین و دەستەڵاتدارو بەرپرسان بە زاناو داناو سیاسەتمەدارتر لە خۆمان نەزانین، بۆ داهاتوویێکی گەش، بۆ بەرژەوەندی باڵای گەل، بۆ سەرخستنی دۆزی ڕەوای نیشتمان، بۆ ئافراندنی پرۆسەی چاکسازی و گۆڕان دەبێ هەستی مرۆڤ بوونمان تەکان پێبدەین، لەدەورەی یەکتر کۆببینەوە، بەجۆشێکی نیشتمانپەروەرانە و مافناسانە بخرۆشێین و بێینە مەیدان.

هێژایان! سروشت و خاک و سەروەت و سامانی نیشتمان بۆ حزب و لایەن و گروپ و هۆزێک نیە، بۆ تێکڕای گەلە، دەبێ خۆمان بە خاوەنی بزانین.

کاتێک هێزەکانی دەرەوەی دەستەڵات و ڕۆشنبیرانی کوردستان و جەماوەر بەیەکەوە لە ڕەوشەکە دەڕوانن، دەبێ بزانین کە

١- لەژێر ناوی پاداشت و ڕێزلێنان و خەڵات کردندا سەروەت و سامانی وڵات بەهەدەر دەدرێ.

٢- بە بیانۆی بازاڕی ئازادو گەشەپێدانەوە زەوی کشتوکاڵی دەستی بەسەر دادەگیرێ، ڕێگە لە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان دەگیرێ. ئەو کارگەو کارخانانەی کە پێشتر بەعس دروستی کردبوون بە کەسانی مەیلداری خۆیان دەفرۆشرێن و لەسەریان تاپۆ دەکرێن.

٣- بۆندەو گرێبەستەکانی دەوڵەتی تەنیا تەنیا بۆ خۆیان و کەسانی هاوپشکی خۆیان بە ڕەوا دەبینرێ، بازرگانی کاڵاکان لەسەر خۆیان پاوان دەکرێ، خراپترین کاڵا دەهێنن، خەڵک دووچاری کێشەو گرفتی لەش ساغی دەکەنەوە، هیچ لێژنەیەکی چاودێری ناتوانێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ دابکات.

٤- بیانی و بێگانەکان بهێننە ناو وڵات، خاک و سەرمایەی نیشتمانیان لەسەر تاپۆ بکەن، سەیر کەن دەیان و سەدان کەسی بیانی بەناوی ڕاوێژکارو بازرگان و سەرمایەگوزار هێنراونەتە وڵات و لە داهاتی ئەم نیشتمانەی ئێمە دەخۆن.

٥- درێژە بە داگیرکردن و فرۆشتنی موڵکی دەوڵەت دەدەن، تەنانەت باخچەو مەیدان و گۆڕستانەکانیش لەسەر ناوی خۆیان تاپۆ دەکەن، کار گەیشتۆتە ئەوەی کە قوتابخانەو دایانگەو شوێنی دیکە لەسەر ناوی بەپرسان تاپۆ بکرێن و بە ڕەواش دابنرێن.

٦- خانەنشین کردنی کەسانی بەتواناو کەمتەنەن و بڕینەوەی موچەی وەزیری و بەڕێوەبەری وپلەی دیکە.

٧- دانانی کەسانی بێتوانا لە پەرلەمان و زەتکردنی دەستەڵات و سەربەخۆیی پەرلەمان.

بەوهۆیانەو دەیان هۆی دیکە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵک خۆی بە خاوەنی وڵاتەکە بزانێ و لەبەرانبەر ئەوانەی کە سازش و سەودا بە میللەت دەکەن، دەنگی نەرێ بەرز بکەنەوەو پێیان بڵێن: چۆن ئێوە مافی ئەوەتان هەیە دەستەڵاتدار بن، دەبێ مافی ئۆپۆزیسیۆن بوونیش بە ئێمە ڕەوا ببین.

وێڕای هەموو ئەوانەوە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن یان کەمهێزی و بێتوانایی واتای سیاسی نەبوونی ئەوان ناگەیەنێ، چونکە ڕێکخراوە سیاسیەکان و کەسایەتیە سیاسیەکان دەتوانن پرسێکی گرنگ بوروژێنن، ئەمەش بە چالاکردنی ڕەفتاری سیاسیانەو خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسیەکان و لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ناوەخۆ و هەرێمی و جیهانی کە هنیا و تەنیا بەمەبەستی بەرەو پێشەوەبردنی دۆزی ڕەوای گەل و نیشتمان ئەنجام بدرێ .



ڕێکار ئەحمەد
rekarahmed@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com